

شەمس لەنگرووودی «شاعیری گەورەی فارس»: شیعر، هونەر، ئازادیخوازی و عەدالەتخوازی بۆ جوانکردن و بەناخداچوونی ئەم ژیانە کورت و بچووکەیە.

(تایبەت بە ڕامان)

بابەک سەحرانەوەرد
(تاران)

بەرکۆڵ:

(شەمس لەنگرووودی) یەکێکە لەو شاعیر و توێژەرە هەرە گەورە و شێلگیرانەی چاخی ئێمرۆ کە زیاتر لە ٤٠ ساڵی ڕەبەقە لەدەڤەری شیعر و توێژینەوە چالاکڤانە و بەرهەمەکانی تا ئێستا بۆ چەندان زمانی بیانی وەک: عەرەبی، ئینگلیزی، ئەرمەنی، ڕووسی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، تورکی، سوێدی، کوردی و ...تاد وەرگێڕدراون. شیعری شەمس بەتایبەت لەم دوو دەیەی دواییەدا بەردەوام بووەتە جێگەی تێڕامانی بەردەنگ و ڕەخنەکارانی ئەدەب و لەولایشەوە ڕەخنەی هەرە زۆر و بەپێزوبەهێزیان بۆ تەرخان کراوە. بەبۆنەی چاپکردنی چەند کۆمەڵە شیعرێکی تازەی کە تەژی لە نیگای مرۆڤانە و لێوانلێوە لەخۆشەویستن و دلۆڤانی و خوێنەران بەلای ئەڤین و میهرەبانی هەڵدەخرێنێت، ئەم وتووێژە سازبوو تا باشتر بیناسین و لەواقیعدا ئەم دیمانە بۆ ئاشنابوون بە ڕوانگە و جیهانە زەینییەکەی ئەم شاعیرە وەدی هاتووە. بەڕای زۆر لە تیورزان و پاسادارانی ئەدەبی هاوچەرخ، لەنگرووودی یەکێکە لەو دەنگە جدییانە کە دوو قۆناغی شیعریی لە دۆسیە ئەدەبییەکەی تۆمارکراوە و لە هەر قۆناغێکدا هەڵوەستەیەکی تایبەتیمان ئاراستە دەکات. لەنێوان بێ دەنگییەک کە ماوەیەکە (بەتایبەت دوای مەرگی شاملوو) بەسەر شیعری هاوچەرخی فارسی سێبەرە پانوپۆڕەکەی بڵاوبووەتەوە، چەند کۆمەڵە شیعرێکی بەبایەخ و مەزن چاپ بوون کە زۆر بەتین و هێزەوە تیشکیان خستۆتە سەر زەین و باوەڕی خوێنەران و یەکێک لەم کۆمەڵە شیعرانە، کۆمەڵە شیعری (پەنجا و سێ ستڕانی ئەڤیندارانە)یە کە شاعیرەکەی کەسێک بەر لە شەمس نییە. لەنگرووودی بە مەوداگرتن لە چەرمەسەری و تاڵی و نائومیدییەکانی جاران کە لە یەکەم قۆناغە شیعرییەکەیدا دیاربوو، لەوڵاتی ئارمانشارییەوە بۆ عەرد گەڕاوەتەوە و بەنیگایەکی تژی لە عیشق، دووبارە ژیانمان بۆ ڕاڤەدەکاتەوە.

شەمس شاعیرێکی هۆشیارە کە دەزانێت لە چ زەمەن و کاتێکدا ژیان دەباتەسەر و چۆن چۆنی دەتوانێ داژدارانی ئەدەب لەناوچەی شیعرەکانییەوە خڕبکاتەوە و لەم دیمەنەدا دیارە ئەڤین و میهرەبانی دوو بنەواشەی گرینگن کە لە فەرهەنگۆکی شیعرەکانیدا بەردەوام بوونەتە جێگەی تێهزرینی ڕەخنەکار و خوێنەرە دەرەوست و جدییەکانی شیعری هاوچەرخ.

* مامۆستای بەڕێز سوپاست دەکەم بۆ ئەم دیمانە، زۆر بەجێیە بۆ دەسپێکیش بێت، کەمێک لەخۆتان و ژیانتان بدوێن. پێم خۆشە ناسنامەیەکی خۆتانم هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا بۆ باس بکەیت؟

– من لە ناسنامە ناوم (محەمەد تەقی جەواهیری گیلانی)یە و بە شەمس لەنگروودی ناسراوم. لە خێزانێکی خوێنەوار و ئایینیدا کە باوکم ئایەتوڵڵا بووە، پەروەردەبووم و بەرەبەرە جیهانە ناسکەکەی شیعر منی بەلای خۆیەوە هەڵخراندووە. دوای تێپەڕینی قۆناغی منداڵی و مێردمنداڵی و لەپەنجاکانەوە بەلاسایی کردنەوەی شیعری شاعیرە گەورەکانی ئەم سەردەمە میناکی فروغ و شاملوو، یەکەمین هۆنراوەکانم لەچاپ داوە و لەئەنجامدا لەساڵی ١٩٧٦ز، یەکەمین کۆمەڵە شیعرێکی سەربەخۆم بەناوی (هەڵسوکەوتی تووندیەتی) لەچاپ دا، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لەوکاتەدا شاعیرێکی ناسراو نەبووم، ئاوڕێک لەم نامیلکەیە نەدرایەوە. هەرچەندە شەمسی شاعیر نائۆمید نەبوو و دوای بیست ساڵ ئەزموونی شەخسی و لەنیوەی یەکەمی حەفتاکانەوە و بەچاپ کردنی چەند کۆمەڵە شیعری دیکە و بەجەختێکی زۆرەوە، بوومە شاعیرێکی خاوەن ئەزموون. چەند ساڵێکە لە زانستگا وانەی هونەر دەڵێمەوە و لەگەڵ دوو هاوڕێی شاعیرم واتە (شەهاب موقەڕەبین و حافز موسەوی) دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبمان بەناوی (اهنگی دیگر) دامەزراند، بەڵام بەداخەوە چەند ساڵێکە بەهۆی چەند کێشەیەکەوە داخراوە. بەر لە شیعر، تا ئێستا چەندان کتێبم لەدەڤەری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی شیعری هاوچەرخ لەم ساڵانەدا چاپ کردووە کە شتاقیان بەقەد کتێبی (مێژووی شیکاری شیعری نوێ) کە لەچوار بەرگدا چاپ بووە، نەیانتوانیوە لەم بوارەدا گرینگایەتی خۆیان بسەلێنن و خوێنەران ئاوڕێکی هەرەباشیان لەم کتێبە دایەوە و هەر زوو بووە ژێدەرێکی تازە بۆ شیعردۆست و شاعیرە هاوچەرخەکانی ئێران.

* بەڕای ئێوە هەبوونی ئەڤین و خۆشەویستی، تا چەند دەتوانێت کاریگەری لەسەر ژیانی هونەرمەند هەبێت؟

– بۆ شیکردنەوەی ئەم پرسە فرەواتا و فرەڕەهەندە، باشترە کە بەدەستەوەدانی دوو نموونەی مێژووی ئەم پرسە وەڵام بدرێتەوە. دوو نموونەی ڕوونی ئەم بابەتە، یەکیان کەڵەنووسەری ئێران، واتە سادق هیدایەت و ئەوی دیکە ئەحمەد شاملوو، کە ناوازەترین شاعیری هاوچەرخە. ئەگەر ئەو شتە کە بۆ شاملوو پێشهات، واتە پەیدابوونی ئایدا (عیشق)، بۆ هیدایەتیش پێش بهاتایە، هیدایەت قەت خۆکوژی نەدەکرد. ئەم وتەیەم پشت ئەستوورە بەکتێبی ٨٢ نامەی هیدایەت بۆ هاوڕێکەی (حەسەن شەهید نورایی) کە بەڕێز (پاکدامەن) لە فەڕەنسە چاپی کردووە، واتە هیدایەت بە گوریسێکی ناسک کە ناوی (شەهید نورایی بوو) و لەحاڵی پچڕاندابوو، خۆی گرتبووەوە کە لەو بەرزاییە مەترسیدارە نەکەوێتە نێو چاڵەوە، واتە مەرگ، بەڵام ئەو کاتە دەگات کە (شەهید نورایی)ش بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی دەکات و هیدایەت ئیدی چ پشتیوان و داڵدەیەکی نەبووە کە هانای بۆ بەرێت و هەر ئەو ڕۆژە خۆی لەهوتێل دەکوژێت. ئێوە تەماشای شیعرە پێشووەکانی شاملوو بکەن بەر لە ئاشنابوونی لەگەڵ ئایدا. دەبینن شاملوو خەریکە تووشی داژداماوی و پەرۆشی دەبێت. خۆیشی هەر ئەمە دەڵێت کە: (ئەو کاتە کە گوریسی سێدارەدانم پچڕا، تۆ –واتە ئایدا)، وەک فەرمانی لێبوردن هاتیتە سەر عەرد و ڕێگاکەم. ئەم مرۆڤە دڵناسکانە بەهۆی بێ پەنایی، بەزۆری بە ڕووخان و شکست بەرانبەر دەبنەوە.

* لەمەڕ جیاکارییەکانی فەزای کۆمەڵە شیعری (پەنجاو سێ ستڕانی ئەڤیندارانە) لەگەڵ شیعرە پێشووەکانت چ ڕایەکت هەیە؟

– لەمن وایە فەزای ئەم شیعرە تازانەم بەتەواوەتی لەگەڵ کتێبە پێشووەکانم جیاوازییەکی ئەوتۆی تێکەوتووە، لەبەر ئەوە کە لەبەرهەمە پێشووەکانمدا، جیهانی من تێکڕا جیهانێکی تاریک و لێڵ، بەستراوە و خەمناک بوو. من جیهانم لەم ڕوانگەیەوە دەدی و چ دەربیجە و دەربازێکیشم لەم نێوانەدا لێ دیار نەبوو، بەڵام بەر لەدەستگرتنی ئەم کۆمەڵە شیعرە بە بارودۆخێکدا کەوتم کە بە لێشاو هەوێنی ژیانم بووبوو، بەرەبەرە پێم خستە نێو دەڤەر و جیهانێکی تژی لەخۆر و ڕووناکییەوە و زۆر سرووشتییە جیهانی جیاواز، تەکنیک و فۆرم، درک و تێگەیشتن و فەزایەکی تایبەتی و جیاوازی پێویستە و لەبەر ئەم شتە بوو کە جیهان، لەدواییدا بەرهەمم، جیهانی ڕووناکییە. بەڕای خۆم ئەو شتە کە لەمندا ڕووی دا، هەر درێژەدانی ژیانم بووە و

لەواقیعدا ڕابردووی خۆمە کە بووەتە بەڵگەی سەرهەڵدانی ئەم کۆمەڵە شیعرە و ئەم ڕەوتە کە ئێستاکە تێیدا هەم.

* لەمەڕ ئەو شتەی کە لە ڕابردوودا بەسەرتان هاتبوو، نیگایەکی تاڵ و نائۆمیدانەی لەشیعرە کۆنەکانت چێ کردووە، چ دەڵێیت؟

– من وابۆی دەچم ئەو هۆکارانەی کە ببوونە هۆی نووسینی ئەو شیعرە نائۆمیدانە، یەکێکیان ژیانی پڕ ئێش و دەردی ڕابردووی مرۆڤی ئێرانی بوو، هۆکاری دووەم، بەخۆدا شکاوی سیاسی، ئایدیۆلۆژیکی و ژیانی خودی خۆم بووە. ئەم دوو بەڵگە سەرەکییە، شتێکیان لەمندا بۆ پەناخوازی پێکهێنا. لەواقیعدا عەودالی پەنایەک بووم تا لەو کێشە و تەنگژانە خۆم قوتار بکەم کە لەژیاندا منیان بەو جێگە ناخۆشانە گەیاندبوو، سێیەمین هۆکار کە بووە هۆی نووسینی ئەو شیعرانە، دەبا خۆی بخولقایە کە بەبەختەوەری خۆیشی خولقا، ئینجا ڕزگاربووم.

لەمەیش بترازێت مرۆڤی هیوادار و ئارەزوومەند و تامەزرۆ، دوای بەخۆدا شکاوی سیاسی و ئایدیۆلۆژیک زووتر لە هەر کاتێکی دی خۆی نائۆمید و بێ پەنا دەبینێت و ئەگەر لەژیانی ئەم مرۆڤانەدا پەنایەک نەبێت، زۆر ڕوونە لە تەهسۆکی ژیاندا، لەسەر پێچێکی بچووکیشدا بەیەکجاری لەناودەچن.

* چ شتێک لەم کتێبەدا بۆ خودی ئێوە ڕووی داوە؟

– ئەو شتەی کە لەم کتێبەدا بۆ خودی من ڕووی دا، ئەمەبوو کە کتومت بۆم دەرکەوت ئەو شتەی کە بەسەر منداهاتووە، هەر لەسەرەتاوە، شەیتانەڕێ بووەو ئەم وێنەیە کە کلیلی قوفڵەکانی جیهان لەدەستی ئێمەدایە، تەنیا وێنەیەکی وەهمی بوو.

* لەم زەمەنەدا کە گشت شتەکان بە خێرایی تێدەپەڕن، لەبەرچی شیعر هێندە پەسەند دەکرێت؟

– ئێستاکە و لەم زەمەنەدا، پەرۆش نەبوون بەواتای گرنگی نەدان بە سەربەستی و عەدالەت نییە. سەربەستی لەم ڕۆژگارەدا گرنگایەتی خۆی هەیە. شیعر دەبێ لەژیانماندا بەردەوام بێت، بۆ جوانکردنی ئەم ژیانە گچکەیە. لەواقیعدا شیعر، هونەر، ئازادیخوازی و عەدالەتخوازی بۆ جوانکردن و بەناخداچوونی ئەم ژیانە کورت و بچووکەیە.

* کەمێکیش لەمەڕ کۆمەڵە شیعری (پەنجا و سێ سترانی ئەڤیندارانە) بدوێن. بەڕای بەڕێزتان ئەم شیعرانە بە چ شێوەیەک کارتێکەریی خۆیان نواندووە؟

– لەڕاستیدا دەبێ ئەوە بڵێم ئەم شیعرانە لەناخۆئاگاوە وەدی هاتوون و بە ویستی خۆیان نەخولقاون و نەهاتوونەتە سەر ڕووپەلی کاغەز. من بە قورگێکی توونییەوە، بەشوێنیدا چووم تا ئەوەی کە پەیدام کرد، واتە زەمەن خوازیاری بوو. ئەم زەمەنە، لە ڕەشایی، دەردەسەری و مەینەتی و بێ عەدالەتی شەکەت ببوو، هەروا کە ئێمەیش هیلاک و ماندوو بووین. بەڕێکەوت نییە کە لەم ڕۆژگارەدا فیلمە کۆمیدییەکان هێندە لەلایەن جەماوەرەوە پەسەند دەکرێن، بەڕێکەوت نییە کە گشت خەڵکی، گۆرانی گرژیان پێخۆشە، ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە هەموومان لەمەرگ، لەیەک جۆربوون، لەنەخۆشی، لەتاریکی و ڕەشایی شەکەت و وەڕەز بووین. لەمن وایە ئەم شیعرانە ئەگەریش لەناخۆئاگاوە وەدی نەهاتوون، لانی کەم بەرسڤێکی ئاگایانە بەم بارودۆخە ناحەزە بووە.

* لە شیعری ئەڤیندارانەی هاوچەرخدا، ئێوە چ شتگەلێک دیاری دەکەن کە بەتین و وزەوە خۆی بەرەو ڕووی بەردەنگ کردووەتەوە؟

– لەشیعرە ئەڤیندارانەکان و لەشیعرە ئەڤیندارە بەرایی و بەپێزەکانی هاوچەرخ، بۆ وێنە لە شیعرگەلی (شاملوو)، عیشق دەبێتە شتێک بۆ دەربڕینی ئازار و مەینەتییەکانی مرۆڤ. مرۆڤێک کە هەلومەرجی ئێستاکەی قبووڵ ناکات و وەڵامی گەندەڵی و ناشیرینییەکانی ئەم جیهانە ناداتەوە و نابێتە کۆیلە و ملکەچی ئەم نالەباربیە. لەشیعرە ئاشقانەکانی شاعیرە هاوچەرخە کۆنخوازەکانیشدا میناکی (نادر نادرپوور) و (فەرەیدون موشیری) خەمێک هەیە کە خۆی گەمارۆداوە، دەڵێی ئەوان بەردەوام لە تاسەی گوڵێکدان کە هەڵیان نەکەندووە و لە تاسەی ژیانێکدان کە لەواقیعدا بەسەریان نەبردووە، بەڵام لەشیعرگەلی (پەنجاو سێ سترانی ئەڤیندارانە)، ژیان چەشنی ڕووبارێک بەردەوام لەحاڵی ڕۆیشتن و درێژبوونەوەدایە و عیشق لێرەدا بەر لە شوور و خۆشویستن، بە پشتی هیچ هۆکارێکی دیکە نەبەستووە و وەدی نەهاتووە.

* لەشیعری شاعیرانێک چەشنی (نادر نادرپوور) و (فەرەیدوون موشیری) بۆچی ئێمە بەردەوام لەگەڵ خەم و

خەفەت بەرانبەر دەبینەوە؟

- نادرپوور و موشیری لەشاعیرە لێهاتووەکانی ئێمەن، بەڵام بەڕای من ئەوان بەدڵەوە ئەڤیندار نەبوون. ئەوان خوازیاری عیشق بوون. عیشقیان خۆش دەویست. عیشق لە زەینیاندا لەهاتۆچوودا بووە، بەڵام لەناخیاندا یەکانگیر نەبووە، ئەمە شتێک نییە کە تەنیا لەشاعیری هاوچەرخدا دەبیندرێت. بنواڕە، لەشیعری شاعیرە کۆن و کلاسیکەکان، ئێمە تەنیا یەک دوو شاعیرمان هەیە کە شیعری ئەڤینداری هەرە گەش و جوانیان هۆنیوەتەوە، بەڵام زۆربەی شاعیرانی دی، تەنیا قوڕ دەپێون و لە چەرمەسەری ژیان دەکۆڵنەوە.

* شیعری مەولەوی و حافز بەتایبەت و شیعری کلاسیک بەگشتی چۆن دەبینیت؟

- شیعرگەلی مەولەوی، هەوێنی هەوایەکی خۆشە و هەرە تیشکدەرن. ئەوندەی کە وەرزی بەهار لە شیعری مەولەوی بۆنوبەرامە خۆشەکەی تەنیوە، لە هیچ شاعیرێکی دیکەدا ئەم مەسەلە نابیندرێت. هیچ شاعیرێک بەقەد مەولەوی لە بەهار و ڕووناکی نەدواوە. شیعری حافزیش لە ڕوانگەی من، یان ئەڤیندارانە نییە، یان ئەگەر ئەڤیندارانەیە جۆرە ئۆمید و ڕووناکییەک لەناخیدا بەرجەستەبووەتەوە و لەولایشەوە بە کەمێک گاڵتەجاڕی و هاروهاجی ئاوێتەبووە. من وابۆی دەچم کە لە مێژووی ئەدەب، تەنانەت ئەو جۆرە کە لەنووسینەکانی نووسەرە کلاسیکەکانمان دیارە، ئەڤین لە شیعری شاعیرانی شێوازی خوراسانی لەگەڵ شادی و شوور بە لێشاو ئاوێتە بووە. لەحاڵێکدا کە شاعیرانی شێوازەکانی تر بەزۆری ئاوڕیان لە نائۆمیدی و قوڕبەسەری و بەخۆدا شکاندن داوەتەوە.

هەندێک لە بەرهەمە گرینگە چاپکراوەکانی شەمس:

*** شیعر**

١-هەڵسوکەوتی تونیەتی، کۆمەڵەشیعر، ١٩٧٦.

٢-لەبەر هێوانی جیهان، کۆمەڵەشیعر، ١٩٨٤.

٣-خۆڵەمێش و خاتوون، کۆمەڵەشیعر، ١٩٨٦.

٤-جێژنی نادیار، کۆمەڵە شیعری کورت، ١٩٨٨.

٥-قەسیدەی زەردەخەنەی شەقار شەقار، کۆمەڵەشیعر، ١٩٩٠.

٦-پەنجاو سێ سترانی ئەڤیندارانە، پۆستەرە شیعری ئاشقانە، ٢٠١٠.

*** توێژینەوە:**

١-قوتابخانەی گەڕانەوە، (توێژینەوە لە مێژوو و شیعری قۆناغگەلی ئەفشارییە، زەندییە و قاجار)، ١٩٩٣.

٢-مێژووی شیکاریی شیعری نوێ، (توێژینەوەیەکی چڕوپڕ لە شیعری هاوچەرخی ئێران لەنێوان ساڵگەلی ١٢٨٤ تا ١٣٥٧ی هەتاوی)، لە چواربەرگدا، ١٩٩٨.